# رۆمانسیەت و رەنگدانەوەی لە شیعری -گوڵی سوور-ی دڵداردا

د.عثمان عبدول بەرزنجی/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زمان

## پێشەکی

رێبازی رۆمانسییەت، وەك رێبازێكی ئەدەبی لە نوێكردنەوەی شیعرو ئەدەبیاتی گەلانی جیهاندا رۆڵێكی گرنگو بەرچاوی بینیوە، ئەویش بەهۆی چەند بنەمایەكی تایبەت بەخۆیەوە كە خەسڵەتەكانی ئەو رێبازە ئەدەبییە بەهەند وەربگیرێت، كە ئەویش زیاتر پەیوەندداره بەو ئەندێشەو خەیاڵە رۆمانسییەی، كە سروشتو ژیانی كۆمەڵایەتی تێیدا رەنگ دەداتەوەو شاعیرانی نوێخوازی كوردیش پەیڕەوی بنەماو خەسڵەتەكانیان كردووە.

لەم توێژینەوەیەدا تیشكێك دەخرێتە سەر ئەو رێبازەو ئاوڕیش لە یەكێك لە شاعیرە نوێخوازەكانی كورد كە -دڵدار-ە دراوەتەوەو رۆڵی ئەو شاعیرەش لەم بوارەدا دەخرێتە ڕوو.

لە توێژینەوەكەشدا رێبازی وەسفیو بەپێی پێویستیش رێبازی شیكاریش رەچاوكراوە.

بابەتی توێژینەوەكەش بەسەر دوو بەشی سەرەكیدا دابەشكراوە:

بەشی یەكەم: دوو تەوەر دەگرێتەوە:

أ- بەكورتی باس لە چەمكو واتای رۆمانسییەت كراوەو بیروبۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی بواری ئەدەبی خراوەتە ڕوو.

ب- باس لە سەرهەڵدانی رۆمانسییەتو بنەما سەرەكیەكانی كراوە.

بەشی دووەم: هەروەها ئەمیش دوو تەوەر دەگرێتەخۆ:

أ- باس لە رۆڵی دڵدار كراوە لە رۆمانسییەتی كوردیدا.

ب- بنیاتی هونەریو خەسڵەتەكانی رۆمانسییەت لە شیعری -گوڵی سوور-ی دڵداردا باسكراوە.

## بەشی یەكەم

### أ- چەمكو واتای رۆمانسییەت:

بنەمای وشەی رۆمانسیەت لە وشەی -رۆماتیك-ەوە وەرگیراوە، كە ئەویش لەڕووی مێژووییەوە وشەیەكی كۆنی ئەوروپییەو "دەگەڕێتەوە بۆ وشەی -رۆمان- Roman-ی كۆنی فەرەنسی"[1] كە هەر لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە لە بواری ئەدەبدا بۆ "ئەو چیرۆكە ترسناكانە بەكارهێنراوە كە بە شیعرو پەخشان نووسراونەتەوە"[2].

بۆ ناساندنی ئەم جۆرە ئەدەبە بیروڕای زۆر لەلایەن شارەزایانو پسپۆڕانی بواری ئەدەبەوە دەربڕاوەو وتراوە، هەرچەندە ناساندنی ئەرکێکی گرانەو ناتوانرێت لە چەند دێڕو بۆچوونێکدا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە مەبەستی ئەم جۆرە ئەدەبە لەوەدایە کە "گرنگی دانە بە تاکەکەس لەڕووی ئاواتو ئومێدو بۆچوونی خۆیەوە بەرامبەر (شتەکان) بە سەرنجو تێرامانی (خود)ەوە"[٣].

هەر لەبارەی رۆمانسیەتو پەیوەندی بە خودو سروشتی تاکەکەسەوە، شاعیری رۆمانسی ئەڵەمانی –نۆڤالیس– دەڵێت: "شیعر خۆی دەربڕی هەستو جیهانی ناوەوەی مرۆڤەو هەرچەندە سروشتی خودیو تاکەکەسیی پێوەی دیار بێت، ئەوا زیاتر نزیك دەبێتەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکە"[٤]. یاخود بەرەو سروشت گەڕانەوەیە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەلایەن شارەزایانی بواری ئەدەبەوە چەندەها پێناسە بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە کراوە، هەروەك محمد غنیمی هلال، دەڵێت: "هەندێ لە شارەزایانی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٢٥ز دا سەرژمێرییەکیان کرد بۆ کۆکردنەوەی پێناسەکانی وشەی (رۆمانسیەت) کاتێ سەرنجیان دا بینیان بۆ ئەو مەبەستە سەدو پەنجا پێناسە هەیە..." [٥].

کەواتە رۆمانسیەت بابەتێکی زۆر فراوانو گرژو ئاڵۆزیشە لەهەمان کاتداو هەرکەسێ بیەوێ بە ئارەزووی خۆی پێناسەی بکات، دیارە ئەوە کارێکی نازانستیانەیەو تەنها دەچێتە قاڵبی خۆدەرخستنەوە، هەربۆیە پول ڤالیری، دەڵێت: {"هەر نوسەرو ئەدیبێك کە ویستی پێناسەیەکی تایبەتی بۆ وشەی –رۆمانسیەت– بدۆزێتەوە پێویستە ئەوکەسە لە بارێکی ئارامی بیریدا نەبێ"، چونکە بەلای ناوبراوەوە کارێکی سەرلێشێواوییە کە هەرکەسێ بیەوێ بە پێناسەیەك لە رۆمانسیەت بگات...}[٦].

هەربۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو، لەوانە: هۆگۆ، دەڵێت: "رۆمانتیك سەربەستییە لە ئەدەبدا"[٧]، جۆرج ستاند، دەڵێت: "سۆزە زیاتر لەوەی هۆش بێ، دڵە بەرامبەر سەر"[٨].

ووتر هاوس، دەڵێت: "هەوڵدانێکە بۆ لە واقع هەڵهاتن"[٩]، هەر لەبارەی رۆمانسیەتەوە، کە بە هونەرێکی سەردەمیانە ناودەبرێت، ستاندال، دەڵێت: "لە گشت کاتێکدا (رۆمانسیزم) هونەری ئەمڕۆیە، (کلاسیزم)یش هی دوێنێ"[١٠].

بەگشتی دەتوانرێت بووترێت رۆمانتیك سۆزێکی هەڵچووەو لادانو دابڕانە لە یاساکانی کلاسیزمو ئارەزووی تاکەکەسە بۆ سەربەستی لە کۆتو پێوەندو تێکەڵ بە نائومێدییەکی تەواو، کە لە بنجدا بۆ خەیاڵو ئەندێشە دەگەڕێتەوە، هەروەها گرنگی دانە بە خودی تاکەکەسو تەقەلایە بۆ ژیانێکی نوێ، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ سروشت، کە تیایدا جوانییەکانی مرۆڤ تێکەڵ بە جوانییەکانی سروشت دەبێت.

ب– سەرهەڵدانی رێبازی رۆمانسییەتو بنەماکانی:

سەرهەڵدانی هەر رێبازێك لە ئەنجامی زەمینەخۆشکردنی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات، جا

ئیتر ئەو زەمینەیە رامیاری یا ئایدۆلۆژی بێت، یان کۆمەڵایەتی یاخود ئابووری...بێت، چونکە رێبـاز خـۆی بریتییـە لـە گەڵاڵـەکردنو رێکخـستنی چـەند بـیرو بۆچـوونێك لـە بازنەیـەکی دەستنیشانکراودا.

سەرەتا ئەم رێبازە لە ئەورووپاوە لە "کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە سێ وڵاتی پێشکەوتووی جیهاندا، بەتایبەتی ئینگلتەرە کە بە شۆڕشی پیشەسازیو فەرەنسا بە شۆڕشی رامیاری ١٧٨٩زو ئەڵەمانیا بە شۆڕشی رۆشنبیری، ناسرابوون"[١١] بەدوای یەکدا لەم وڵاتانەدا سەری هەڵداو رۆڵی ئینگلتەرە بە سەرقافڵە دادەنرێت لەبەرئەوەی "گەورەترین هەنگاوی پەرەسەندنی لە بواری ئابووریدا نابوو، بووە یەکەم وڵاتی سەرمایەداری لەهەمان کاتدا بووە مەڵبەندی فەلسەفەی بۆرژواو گرنگترین شوێنی هونەرو ئەدەب"[١٢].

دواتر ئەم رێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی تری ئەورووپادا بڵاوبۆوەو پەرەی سەند وەك باسکرا لە ئەڵەمانیاو فەرەنساو دواتریش لە ئیسپانیاو ئیتاڵیادا سەری هەڵدا، هۆکاری ئەوەش "زۆر بە روونی ئەنجامێکی راستەوخۆی ئەو گۆڕانە مەزنانە بوو، کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرپابوونو لەپێش هەموویانەوە زیادبوونی ژمارەی چینی بۆرژوا، وەکو بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی لەلایەن چینی بۆرژواوە بەرامبەر بە کلاسیزمی نەجیب زادەکان دەرکەوت..."[١٣]. چونکە هاتنە کایەی ئەم رێبازە زیاتر بۆ بەرژەوەندی چینی ناوەڕاستو دژی چینی باڵای دەرەبەگایەتیو پێشێلکردنی یاساو دابو نەریتە کلاسیزمەکانو بۆ ئازادیو سەربەستی نووسینی شیعر بە کەرەسەی سۆزو خەیاڵو پشت بەستن بە خود یا تاکەکەس، بەرجەستە بووە.

رابەرانی ئەم رێبازە بیرو بۆچوونەکانیان مرۆڤدۆستانە بووەو هەوڵیانداوە بەختەوەریو ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ بهێننە دیو دژی ئەو ناهەمواریو چەرمەسەرییە بوون کە لە سەردەمی کۆن یا پێشوودا مرۆڤ تێدا ژیاوە.

نموونـەی ئـەو مرۆڤدۆسـتانەی کـە رابەرایـەتی ئـەم بزووتنـەوە نوێیـەیان کـردووە لەوانـە "بایرۆن ١٧٨٨-١٨٢٤ لە ئینگلتەرەو هۆگۆ ١٨٠٢-١٨٨٥ لەلای فەرەنگ، گۆتە ١٧٥٩-١٨٠٥ و شیلەر ١٧٥٩-١٨٠٥ شاعیرانی ئەڵەمان، لەلای رووسەکان پۆشکین ١٧٩٩-١٨٣٧، بە سەرنجێکی سەرپێی بەرهەمەکانیان ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ"[١٤].

دواتر ئەم بزووتنەوە نوێیە بە تەواوی لە وڵاتانی ئەورووپادا پەرەی سەندو پەلی هاویشت بۆ ناو شیعرو ئەدەبیاتی گەلانی رۆژهەڵاتو بەتەواویش شیعرو ئەدەبیاتی عوسمانلی ئەویش بەهۆی کاریگەری هەردوو کۆمەڵەی ئەدەبی تورکی- سەروەتی فنونو ئودەبای فەجری ئاتی-ەوە بە شیعرو ئەدەبیاتی فەرەنسییەوە، هەر بە کاریگەری ئەوانیش ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە نوێیە پەڕییەوە بۆ ناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لە خوارووی کوردستاندا، ئەویش بەهۆی چەند شاعیرو ئەدیبێکی کوردەوە، کە شارەزابوون لە زمانو ئەدەبیاتی تورکیدا، لەهەمان کاتدا کاریگەرییش بوون بەو دوو کۆمەڵە ئەدەبییەی تورك، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەو شاعیرو ئەدیبە کوردانەش پیرەمێردو شێخ نوریو رەشید نەجیبو ئەوڕەحمان بەگی نفوسو گۆرانو...هتد.

ئەمانیش دەستیان کرد بە نوێکردنەوەی شیعری کوردی کە دواتر گۆران و شێخ نوری وەك رابەری ئەو بزووتنەوە نوێیە کە ئەویش قوتابخانەی رۆمانسی کوردی بوو دەرکەوتن.

ئەمە جگە لەوەی ئەو بارودۆخەی کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە بوارەکانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە ناخی تاکی کوردا لە خوارووی کوردستاندا چەکەرە بکات و داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا کە ئەویش شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمرو راگەیاندنی حکومەتی کوردی بوو.

بەڵام ئەو شکستەی کە لە شەڕی دەربەندی بازیان لە ساڵی ١٩١٩دا بەسەر شۆڕشدا هاتوو، بە دیل گرتنی شێخ و دوورخستنەوەی بۆ هندستان، ئەوەش زیاتر گەشەی بە هەستی نەتەوایەتی لای تاکی کورد فراوانتر کرد بەتایبەتی لە ناخی روناکبیران و شاعیرانی ئەو سەردەمەدا زیاتر چەقی بەست.

هەروەها دەرکەوتنی بزاڤی رۆژنامەگەری لەم ناوچەیەدا بەتایبەتی دوای هاتنی ئینگلیزەکان کە هانی خەڵکیان ئەدا بەتایبەتی شاعیران و روناکبیران "بۆ دوورکەوتنەوە لە زمان و کلتووری عەرەبی و فارسی و تورکی و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو هاندانی نووسەرانی کورد بۆ خوێندەواری و چوونە بەر خوێندن و بەکارهێنانی زمانی کوردی و فەرهەنگی گوندەکان، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر باری ئەدەبیدا هەبوو"(١٥).

لە راستیدا ئەگەر سەرنج بدەینە شیعرو ئەدەبیاتی شێوەزاری گۆران- هەورامی- ئەوا هەندێ سیمای رۆمانسیەت بەتایبەتی لە بواری سروشت و لایەنی کۆمەڵایەتی و سۆزو ئەندێشەو خەم و ناسۆرەکانی مرۆڤ بەتایبەتی لە شیعرەکانی بێسارانی و خانای قوبادی و مەولەوی دا بەدیدەکرێت.

کە ئەو سیمایانە یان ئەو ئەدەبیاتە بەگشتی و ئەدەبیاتی مەولەوی بەتایبەتی، کاریگەری و رەنگدانەوەیان لەسەر شاعیرانی نوێخوازی کوردییەوە بەتایبەتیش لەسەر گۆران و پیرەمێرد بە ئاشکرا دیارەو دواتریش شاعیرانی دیکەش بەو رەوتەی ئەمان کاریگەر بوون و بەدوایاندا چوون لەوانە هەردی و دڵدارو...هتد.

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین دوای ئەوەی هەندێك لە شاعیرە نوێخوازەکان ئاشنا بوون بە زمانەکانی جیهانی بەتایبەتی ئینگلیزی، ئیتر راستەوخۆ چوونە دنیای ئەدەبیاتی ئەورووپییەوەو راستەوخۆ کاریگەر بوون بە شیعرو ئەدەبیاتەکانیان هەروەك نموونەیەك کاریگەربوونی گۆران و دڵدار بە ئۆسکار وایلدو چیرۆکە رۆمانسییەکەی گوڵ و بولبول.

## بەشی دووەم

### أ- دڵدارو رێبازی رۆمانسییەت:

سەرەتای دەستپێکردنی شیعر لای دڵدار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم و دەتوانرێت بووترێت لە ساڵی ١٩٣٥ەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووەو سەرەتا بە

شیعری کلاسیکی و دواتر بە کلاسیزمی نوێ بەرهەمە ئەدەبیەکانی نووسیوە.

بەڵام لە ساڵی ١٩٤٠ەوە دەستی کردووە بە نوێکردنەوەی شیعری خۆی و بەهرە شیعرییەکانی بەرەو ڕێبازی ڕۆمانسی بردووەو رووخسارو ناوەرۆکی ئەو ڕێبازە بە شیعرەکانییەوە دیارە، ئەویش بە کاریگەری ئەو بزاڤە نوێیەی شیعری کوردی کە لە خوارووی کوردستاندا لەسەر دەستی شێخ نوری و گۆران و ڕەشید نەجیب...هتد سەری هەڵدابوو، هەروەك شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی قۆناغی مانەوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بە بنەمای ژیانەوەی بزووتنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبیاتی کوردیدا دادەنێن، چونکە "ئەگەر سەرەتای بیستەکان بە زەمینەسازدەری گۆڕانکاری شیعری کوردی دابنرێت، ئەوا ساڵانی دوای بیستەکان بە ساڵانی چەکەرەکردنی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت"[١٦].

بۆیە شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمە زۆر بە زوویی بەرەو ئەو بارودۆخە نوێیەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی هەنگاویان ناوە، لەوانە هەردی، دڵدار، بەختیار زێوەر...هتد ئەگەر لە هەندێ لایەنەوە وەك رابەریش دەستنیشان نەکرێن، ئەوا لەڕووی بەردەوامی و هەوڵ و تەقەلایانەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە.

دەتوانرێت بووترێت لەو بوارەدا دڵدار کەمتەرخەمی نەکردووە، بەڵکو لەو گۆڕانکارییەدا دەستێکی باڵای هەبووە، هەربۆیە د.مارف خەزنەدار، دەڵێت: "دڵدار نموونەی تاقیکردنەوەی شیعری تازەی کوردییە بەهەموو لقەکانییەوە، ئەم شاعیرە لە سەردەمێکدا خۆی ناسی کە (شیعری تازە)ی کوردی لە ناوەوە بوو، ئەوجۆرە خوێندەوارییە تازەیەی تێیدا دەژیا وای لێ کردبوو لە کۆن دووربکەوێتەوەو لە تازە نزیك بێ، بیست ساڵ لەمەوبەر لە بابەت دڵدارەوە ئەوەم نووسیوە لێرەدا من لە ڕاستی دەرناچم، ئەگەر دڵدار بە یەکێك لە سەرۆکەکانی قوتابخانەی داهێنان (ڕۆمانتیك)و قوتابخانە ریالیزم دابنێم لە ئەدەبی کوردیدا"[١٧].

چونکە -دڵدار-یش توانیویێتی شان بە شانی شاعیرانی سەردەمی خۆی، هەوڵبدات گوڕو تینێك بدات بە شیعری نوێی کوردی و لەو بوارەدا جێ پەنجەی دیارەو بەشدارییەکی داهێنەرانەی لەم بوارەدا کردووە.

ئاشکرایە سەرچاوەی رۆشنبیری دڵدار وەکو زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی رۆشنبیری تورکی و عەرەبی بووە، لەگەڵ ئەو تەوژمە فیکریەش کە لە رۆشنبیری جیهانی و بەهۆی ئەو زمانانەی کە باسکران گەیشتۆتە شاعیرو کاریگەرییان لەسەری هەبووە.

دواتریش بەهۆی ئاشنابوونی شاعیر بە زمانە ئەوروپیەکانەوە زیاتر چووە ناو دنیای شیعری نوێی ئەوروپییەوە، چونکە دڵدار جگە لە زمانی کوردی، شارەزایی باشی هەبووە لە "زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی زۆرباش و کەمێکیش فەرەنسی زانیوە"[١٨].

هەرچەندە شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و تورکی و عەرەبییەوە، بەڵام لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا کەسایەتی خۆی لەدەست نەداوەو لە شێوازە ئەدەبییەکەیدا ڕەوتی تایبەت بە خۆی گرتۆتەبەرو ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە کەسایەتی خۆی کردووەو بنەمای ئەدەب و

کلتووری کوردی پاراستووە، چونکە شێوازیش "لە عەقڵو سۆزو ئەندێشەو زمانی نووسەرەکە پێکهاتووە، واتە خودی خۆیەتی. لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لە رەوشتو رەفتارو تەبیعەتو بەهرە عەقڵیو سۆزیو خەیاڵییەکانیانەوە جیاوازن، بۆیە زۆر ئاساییە شێوازەکانیشیان کە گوزارشت لە کەسایەتیان دەکات، لەیەك جیاوازبن"[١٩].

ئاشکرایە کە شێواز لە ئەنجامی بیرکردنەوەو گرتنی رەوتێکی تایبەت بە نووسەر یان شاعیرەوە لە بواری نووسینەکانیدا دێتە بوون، هەربۆیە –فۆنتێن– وتوویەتی: "نووسینو شێوازی جوان، بیرکردنەوەی جوانی لەگەڵدایە"[٢٠].

بیرکردنەوەی دڵداری شاعیریش جوانیو پاکژی ناخو دەروونی خۆی بوو بەرامبەر سەربەستی تاکەکەسو دوور لە زوڵمو زۆرو چەوساندنەوەی چینایەتیو هەستو ئارەزووی بەرامبەر خۆشەویستیو یەکسانیو رێزلێنان، لە هەموو جوانییەکانی سروشتو بەها مرۆڤایەتییەکان بنەمای سەرەکی شێوازە شیعرییەکەی بوونو هەمیشەش هەوڵی داوە بەهای راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوەو شیعرە رۆمانسییەکانی بەدەر نەکات لەو هەموو سۆزو خۆشەویستیو جوانی سروشتە رەنگینەکەی کوردستان، کە ئەمەش خواستی پەیڕەوکەرانی رێبازی رۆمانسیەتە، هەوەك –شیلەر–، دەڵێت: "هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە، سروشتیش سەربەستییە، سەربەستیش جوانییە، جوانیش یاری یا چالاکییەو چالاکیش مرۆڤە"[٢١].

بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەو چالاکیانە هەرەمەکی نییەو سنوورو سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هێنانە بەرهەمی ئەدەبو هونەر کەواتە دەتوانرێت بووترێت "بەرهەمهێنانە بەپێی پێویستی ئەقڵو سیستەمێکی تایبەتی"[٢٢] هەرکاتێکیش کە شاعیرە رۆمانسیەکان پەنایان بردۆتە بەر سروشت، ئەوە واتا هەڵهاتنو راکردن نەبووە لە واقع، یاخود دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگا، بەڵکو هەوڵدان بووە بۆ زیاتر وەرگرتنی زانیاریو ئەفراندن لە ئەدەبدا، چونکە "رۆمانسیەکان بەبێ ئەمانە نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤایەتییان بۆ ئاشکرا نەدەبوو، واتە سروشت ئەو شوێنە بووە کە تیا ئارام بوون، لەپێناو کەسێتی رۆمانسیو بەرزڕاگرتنی هۆشیاریی مەعریفی...لێرەوە سروشت مەڵبەندی داهێنانو مەعریفە بوو"[٢٣].

کەواتە شاعیرو ئەدیبە رۆمانسیەکان سەرنجو تێڕوانینیان بۆ رێبازی رۆمانتیکی وەکو قوتابخانەیەکی عەقڵو بیرو مەعریفەیی بووە.

ئەو پنابردنە بەر سروشتەی کە شاعیرانی رۆمانسی لە شیعرەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، لە سەرچاوەیەکی پڕ لە سۆزو عاتیفەوە هاتووە، چونکە هەمئاهەنگی سۆزو سروشت وەك ئاوێتەیەك تێکەڵ بەیەکتری دەبنو دەبنە دیاردەیەك لە شیعرە رۆمانسیەکاندا، کە دڵداریش لەو دیاردەیە کەمتەرخەمی نەنواندووە.

هەر لەبارەی کاریگەری سروشت یا واقع بە دەروونی ئەدیبو شاعیرانەوە د.عزالدین اسماعیل، دەڵێت: "خەیاڵو واقع هەردووکیان هۆکارن بۆ گواستنەوەی کێشە دەروونییەکانی هونەرمەند کە تووشیان بووە"[٢٤].

چەمکی جوانیش لە شیعرە رۆمانسییەکانی دڵداردا روونو ئاشکرایە، چونکە ئەو چەمکە

بەلای شاعیرو نووسەرانەوە بەپێی بیروباوەڕ یان ڕێبازە ئەدەبییەکان لە گۆڕاندایەو هەر ڕێبازەش بەشێوەیەك بیرو سەرنجی خۆیان سەبارەت بەم چەمکە هەیە، چونکە "ئەگەر جوانی بەلای کلاسیکییەکانەوە ڕەنگدانەوەی حەقیقەت بێت، ئەوا بەلای ڕۆمانسییەکانەوە ڕەنگدانەوەی چێژو ڕوانینی تاکەکەسییە، چێژو ڕوانینی تاکەکەسیش هەردەم لە گۆڕاندایە، لەبەرئەوە جوانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە، نەك وەکو حەقیقەت کە بەلای کلاسیکییەکانەوە شتێکی نەگۆڕو چەسپاوە"[٢٥].

کەواتە بەلای کلاسیکییەکانەوە جوانی شتێکی نەگۆڕەو هیچ شتێکیش هاوتای نابێت واتە بابەتییە (موضوعي)یەو لەهەمان کاتدا ڕەهاییە، هەروەك -پوالۆ- کە یەکێکە لە درێژەپێدەرانی کلاسیزم، لەو بارەیەوە دەڵێت: "شتێك نییە لە ڕاستی یا حەقیقەت جوانتر بێت"[٢٦].

بەڵام ڕۆمانسییەکان وا سەیری ئەو حەقیقەتە کە جوانییە دەکەن، دەڵێن دەبێت ئەو حەقیقەتە سۆزی مرۆڤایەتی تێدا بێت، هەربۆیە -الفرێد دی موسییە-دەڵێت: "هیچ حەقیقەتێك نییە جگە لە جوانی، هیچ جوانییەکیش نییە بێ حەقیقەت"[٢٧] واتە بەلای ڕۆمانسییەکانەوە جوانی خودییەو لەهەمان کاتدا نسبییەو ڕەها نییە، کەواتە بەلایانەوە جوانی حەقیقەتەو هەمیشەش لە گۆڕاندایەو هونەر یا ئەدەبیش جوانی بوارەکانی ژیان و سروشت دەردەخات.

دڵداریش وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی گرنگی زۆری داوە بە سروشت و جوانی بەلایەوە ڕەها نییەو وەك حەقیقەتیش لێی دەڕوانێ و جوانیشی بە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە بەستۆتەوە، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی، کە ئەویش توانای شاعیر دەردەخات کە چۆن خۆی پەیوەست دەکات بە تاکی کۆمەڵەوەو لێیان جیانابێتەوە، چونکە شێواز "بریتییە لەو توانایەی کە پەیوەستە بە تاکی کۆمەڵەوەو ئارەزوومەندانە دەستەواژەو ڕستەی نوێ لە بۆنە تایبەتی و جیاوازەکاندا بەرهەم دەهێنێت"[٢٨].

کاتێ دڵدار هەستی بەوەکرد کە ئیتر شیعری کلاسیکی ناتوانێ بەتەواوی ڕەنگدانەوەی خواست و ئارەزووەکانی ڕۆژگار بێت و ئاوات و ئامانجی خودی تاکەکەس و نەتەوەکەی ناهێنێتە دی، دەستبەرداری ئەو جۆرە ئەدەبە بوو ڕووی کردە شێوازی شیعری نوێی کوردی و ڕۆڵی باشی لە بەرەوپێشچوونیدا بینی و هەنگاوی بەرەو داهێنان و تازەگەری لەو بوارەدا ناوەو وەك داهێنەرێك هاتە مەیدانەوە هەربۆیە د.مارف خەزنەدار دەڵێت: "شیعری تازەی کوردی لە گۆرانەوە دەست پێ ئەکا، جا ئەگەر هەردی هاوڕێی دەستە ڕاستی گۆران بێت، ئەوا جوانەمەرگی ئەدەبی کوردی دڵدار هاوڕێی دەستەچەپی بوو"[٢٩].

شاعیر بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەکەی، خۆی بە بەرپرسیار داناوە کە بەلایەوە ئەوە ئەرکێکی مێژوویی سەرشانی هەموو تاکێکی نەتەوەیە بەتایبەتیش ئەدیبان و ڕۆشنبیران هەر بۆیە دەبێت "بە قووڵی و مرۆڤانە کارەساتەکانی ژیان دەربڕێ و تێکەڵ بە ئازارەکانی ناوەوەی بکات، لەپێناو ئەوەی، کە ئەدەبەکەی ببێتە ئاوێنەیەك و ڕووداوەکانی ژیان و هاواری بەردەوامی مرۆڤی تێدا دەنگ بداتەوەو لەگەڵ ناخی خۆیدا ڕاستگۆ بێ"[٣٠].

نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت، کە هەندێ لە شاعیرانی تریش هاوڕازی دڵداری شاعیر بوون لە سەردەمی لاوێتییدا بەتایبەتی -عەونی و جاهد- کە هەندێ شیعریان بە هاوبەشی لەگەڵ دڵداردا داناوە، شاعیر خۆی باس لەوە دەکات کە سوودی لە ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرانەش وەرگرتووە، هەروەك دەڵێت: "من لە هەولێر هەر شیعرێکم دائەنا، نیشانی جاهیدم ئەدا، ئەویش زۆر نازکانە بۆی تەسحیح ئەکردم... لەپاشان دەستی ئەگوشیم و ئەیووت، تۆ لە موستەقبەلدا ئەبیە شاعیرێکی باش، ئەم تەشجیعەی جاهد رۆژبەڕۆژ مێشکی ئەکردمەوە مەراقی شیعر ووتنی زیاد ئەکردم"[31].

دڵدار بە تەمەنێکی کورتی سی ساڵەوە توانی بەرنامەو ئەزموونێکی شیعری قەشەنگ لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا تۆمار بکات.

ب- بنیاتی هونەری و خەسڵەتەکانی رۆمانسییەت

لە شیعری -گوڵی سوور-دا:

"گوڵی سوور"

گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین
لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا
ئەوێستاکەش بە ژاکاوی
وەهابێ قەدرو تۆزاوی
لەسەر ڕێگا فڕێی داوی
لە جەور ظلمی ئەو دەستە پەری زادەی بەیان لەرزین
لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوور گریا
منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو
دڵێکی پڕ لە ئارەزوو
بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو
لەناکاو لام فڕی بۆلای کچێکی دولبەرو شیرین
ئەویش ڕیشەی لە دەس گرت و بەبێ رەحمی لەژێر پێی نا
بە گریاوی و بریننداری
بە ڕوو زەردیی و غەمخواری
بەبێ ئومێد لە دڵداری
گەڕاوە سینەکەی تارم، ئەوێستاش ئەی گوڵی غەمگین
لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانێ ئەم دڵە تووخوا! [32]

(بنیاتی هونەری و خەسڵەتەکانی رۆمانسییەت لە شیعرەکەدا)

لە هەموو رێبازە ئەدەبییەکاندا شیعر بەگشتی بنیاتی هونەری و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی

هەیە، دیارە شیعری ڕۆمانسیش تایبەتمەندێکی خۆی هەیە لەو بوارانەدا. هەربۆیە لێرەدا بە چەند خاڵێك ڕوونی دەکەینەوە:

أ- لەبارەی بنیات یا تەکنیکی شیعرەوە:

بنەما سەرەکییەکانی بنیاتی شیعریی بریتییە لە (زمانی شیعری، ئاوازی شیعری، وێنەی هونەری یان وێنەی شیعری، ئەندێشەو خەیاڵ).

١- لە ڕووی زمانی شیعرییەوە ئەگەر سەرنجی گوڵی سوور بدەین لەچاو شیعرە کلاسیکییەکانی شاعیردا، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووەو زیاتر وشەی کوردی ڕەوانی تێدا بەکارهێناوە، چونکە زمان کەرەسەیەکی گرنگو بنەڕەتییە لە ناسینی سروشتی شیعرو ئەدەبیاتدا، بەتایبەتی کاتێ کە ناوەڕۆکی شیعر بەرەو گۆڕان دەچێت، هەر لەو کاتەشدا زمانی شیعر پێویستی بە نوێکردنەوەو داڕشتنی وشەی ئاوازەداری شیعری هەیە، چونکە "هەر سەردەمێکیش زمانو وێنەی تایبەت بە خودی خۆی هەیە، هەربۆیە شاعیرانیش لە داڕشتنی وێناکردنو دەربڕینی ویستی سەردەمەکە ناتوانن ناوەڕۆكو ڕووخسار لەیەك دابڕن"(٣٣).

دڵداریش وەك شاعیرانی پێشو سەردەمی خۆی لە شیعرە سەرەتاییەکانیدا وشەو زاراوەی بێگانە بەتایبەتی عەرەبیو تورکی بەکارهێناوە، بەڵام دواتر بەرنامەڕێژی بۆ ئەم کارە کردووەو وورده وورده خۆی لە بەکارهێنانی ئەو وشانەدا دوورخستۆتەوەو بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانە شیعرییەکەی مامەڵەی لەگەڵ وشەو زاراوە کوردییەکاندا کردووە، کە لەو بوارەشدا هەروەك شاعیرانی تر سوودی لە زمانی خەڵکەکەو فۆلکلۆریش وەرگرتووە.

هەروەك دکتۆر عیزەدین مستەفا، دەڵێت: "شاعیری کورد بۆ پەیداکردنی وشەی ڕەسەنی کوردی لە شیعری پێشوو بەکارنەهاتوودا، سەری کردە سەر سامانی ئەدەبی فۆلکلۆریو چووە ناو خەڵکەکەوە بۆ ئەوەی لە وشەو قسەی ڕۆژانەوە سامانێکی گەورەو تازە پەیدا بکاتو لەناو شیعری کوردی زیندوویيو جوانی بەو وشانە ببەخشێت"(٣٤).

بەڵام لەهەمان کاتدا دڵدار هەنگاوی بەرەو ئەوە ناوە، کە لە بەکارهێنانی زمانی ئاسایی خەڵك لابداو واتاو فۆڕمی نوێ بۆ بەهێزکردنی زمانە شیعرییەکەی خۆی هەڵبژێرێت. لەوبارەیەوە ئەرستۆ، دەڵێت: "زمان کاتێك بەرزو شکۆمەند دەبێت، کە زاراوەی نائاسایی بەکارهێنراو دەستی لە وشەی ئاساییو ڕاهاتوو هەڵگرت"(٣٥).

چونکە زمان بە دەنگو پێکهاتەکانییەوە لەڕووی بیرو بابەتەوە هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرن، کە وەك کەرەسەیەکی گرنگی لەدایکبووی شیعرو ئەدەبیات بە هەمئاهەنگی لەگەڵ کەرەسەکانی تری شیعردا دەتوانێت بنیاتی گشتیو گرنگی شیعرەکە دروست بکات.

هەر ئەوەش وایکرد کە وورده وورده زمانی شیعری نوێی کوردی لە وشەی بێگانە پاك بکرێتەوەو وشەو زاراوەی نوێی کوردی بخرێتە ناو شیعرەوەو پێی دەوڵەمەند بکرێت.

ئەگەر سەرنجی شیعر گوڵی سوور بدەین چەندەها وشەو زاراوەی لەو جۆرانەی تێدایە، وەك: کچی نەورۆز، بەیان لەرزین، پەپوولەی زەردو سوور، ئاوی حەز گوڵی غەمگین...هتد، کە

ئەمانە لە ناخی شاعیرەوە بەواتایەکی تایبەت بە بیرکردنەوەی شاعیر هەڵقوڵاون.

٢- ئاوازی شیعریی: لە شیعردا دوو جۆر ئاواز هەیە کە ئەوانیش ئاوازی دەرەوەو ئاوازی ناوەوەی شیعرن، دیارە کێش و سەروا ئەو دوو رەگەزە شیعرییەن، کە ئاوازی دەرەوەی شیعر دروست دەکەین، چونکە ئاواز "وەك رەگەزێکی دیارو ئاشکرای دیوی دەرەوەی هەڵبەست رەنگدانەوەی ئەو سۆزە هەڵچوویە کە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن لە هەڵبەستی رەسەندا لەگەڵ سەرجەم رەگەزەکانی تردا ئاوێتە دەبێت، وەك چۆن ئەوان کار لە چۆنیەتی و رادەی بەرپابوونی دەکەن، هەر بەوجۆرەش ئەمیش کار لەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەکە"[٣٦].

دڵداری شاعیریش زۆر وورییایانە لەگەڵ ئەم دوو رەگەزەدا مامەڵەی کردووەو لە داڕشتنی شیعرەکانیدا بەکاری هێناون. چونکە کێش بنەمایەکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە ژانرەکانی تری ئەدەب، هەروەك "مەرجێکی سەرەکی قاڵبی شیعری هەموو نەتەوەکان بەکاردێ، بەڵام هەریەکەو بەپێی تایبەتێتی خۆی و سەردەمی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات"[٣٧].

شاعیرانی کوردیش بەپێی سەردەم و کاتی نووسینی شیعرەکانیان کێشە شیعرییەکانیان بەکارهێناوە، کە ئەوانیش کێشی عەرووز و کێشی بڕگەیی یە، شاعیرانی سەردەمی کلاسیکی کوردی کێشی عەرووزیان بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانیان بەکارهێناوەو پاشان بەپێی گۆڕان و سەردەمی هاتنەکایەی رێبازی رۆمانسییەتەوە وورده وورده لە کێشە عەرووزییەکە دوورکەوتوونەتەوەو کێشی خۆماڵی واتە کێشی بڕگەیی، کە ئەویش بە کێشی فۆلکلۆری ناودەبرێت، بەکاریان هێناوە.

بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت، کە زۆربەی شاعیرانی کورد لەگەڵ هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەیەکجاری وازیان لە کێشی عەرووز نەهێناوەو وەلایان نەناوە، بەڵکو لە شیعری کلاسیکی نوێ و هەندێ لە شیعرە رۆمانسیەکانیشدا بەکاریان هێناوە، هەروەك د.مارف خەزنەدار، دەڵێت: "لەگەڵ بەردەوامی بەحری عەرووز کێشی (پەنجە، کەرت، بڕگە، سیلاب) لە شیعری کوردیدا پەیدابوو"[٣٨].

دڵداری شاعیریش لە هەندێ لە شیعرە رۆمانسییەکانیدا کێشی عەرووزی بەکارهێناوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شیعری -گوڵی سوور-ی بدەین، ئەوا بە ئاشکرا کێشەکەی لە کێشە عەرووزییەکانەو لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی تەواو)وە کە بریتییە لە (مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن – مفاعیلن)

ب – – – ب – – – ب – – – ب – – –

نموونەی شیعرەکە:

لەناکاو لام فڕی بۆلای کچێکی دولبەرو شیرین

ئەویش ریشەی لە دەس گرت و بەبێ رەحمی لەژێر پێی نا

بە گریاوی و بریندارى

به روو زەردیی و غەمخواری

بەبێ ئومێد لە دڵداری...هتد[٣٩]

بەڵام ناوەڕۆکی شیعرەکەی ناوەڕۆکێکی ڕۆمانسیانەیەو نوێبوونەوەی تێدا بەرجەستە کردووە.

لە رووی سەروا یا قافیەوە شاعیرانی کورد لە قوتابخانەی کلاسیکیدا پابەندی بنەماکانی ئەو رێبازە ئەدەبییە بوونو زۆر جەختیان لە خۆیان دەکرد هەتا یەکێتی قافیە بپارێزن ئەمەش پێویستی بە توانایەکی تەکنیکی بەهێزو شارەزاییەکی زۆر هەبوو، هەروەك د.مارف خەزنەدار، دەڵێت: "یەکێتی قافیە لە شیعری کوردیدا شاعیری بە دەستوورێکی سەخت بەند کردبوو. دیاردەیەك بوو پێویستی بەوە دەکرد شاعیر توانایەکی تەکنیکی بەهێزی هەبێ لە شیعردانانو شارەزایەکی تەواو لە شیعری کلاسیکی کۆندا هەبێ. لە شیعری نوێدا یەکێتی قافیە رووخێنراو کەوتە ئازادییەوە"[٤٠].

دڵدار وەك شاعیرانی نوێخوازی کوردی توانیوێتی ئاوازی شیعرەکەی لەبەرچاو بگیرێتو چەند جۆرە سەروایەکی هەمەڕەنگی بەکارهێناوە، کە پێشتر لە شیعری کلاسیکیدا بەوجۆرە نەبووە، هەروەك د.مارف خەزنەدار لە باسی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لەلایەن شاعیرانی نوێخوازەوە دەڵێت: "شیعری کوردییان لە رووی کێشو سەرواو ئاوازو ماناو وشەوە نوێکردەوە"[٤١].

ئەگەر سەرنجی نموونەیەك لە شیعری گوڵی سوور بدەین ئەو نوێکردنەوەیە دەبینین:

لە جەور ظلمی ئەو دەستە پەری زادەی بەیان لەرزین　　　أ

لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوور گریا　　　ب

منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو　　　ج

دڵێکی پڕ لە ئارەزوو　　　ج

بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو[٤٢]　　　ج

دڵدار لەم شیعرەدا سەروای هەمەڕەنگی بەکارهێناوە کە دەتوانین بەم شێوەیە لە کۆی شیعرەکەدا بەگشتی دەستنیشانیان بکەین (أ ب – ج ج ج – أ ب).

ئەوەی باسکرا سەبارەت بە ئاوازی دەرەوەی شیعر بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا، شیعر ئاوازی ناوەوەشی هەیە، کە ئەویش لە ئەنجامی نزیکی کۆمەڵێ وشەی زمانە شیعرییەکە لە رووی دەنگوڕەنگو واتاکانەوە، کە جۆرە مۆسیقایەك لە ناوەوەی شیعرەکەدا دروست دەکەن، چونکە "ئەگەر ئاوازی دەرەوەی شیعر پشت بە کێش یا یەکێتی ریتمو وشە ببەستێ، ئەوە ئاوازی ناوەوە بە هەندێ وشەی لەیەك نزیك لە جۆری رەنگو دەنگ ئاوازێك دروست دەکات کە هەست بە مۆسیقایەك دەکەیت لە شیعرەکەدا، ئەمەش لە شیعری تازەی کوردیدا دیارەو نموونەی کەم نییە"[٤٣].

دڵداریش لەم شیعرەدا بنەمای ئەو جۆرە ئاوازەی فەرامۆش نەکردووەو شارەزایانە کاری تێدا کردووە.

٣- وێنەی هونەری یان وێنەی شیعری: ئەمیش بنەمایەکی گرنگی تری بنیاتی هونەرییەو لە ئەدەبدا بەگشتیو لە ئەدەبیاتی نوێو هاوچەرخدا بەتایبەتی زۆر گرنگی پێدراوە، ئەم بابەتە تەنها پەیوەست نییە بە لایەنێك یان یەکێك لە ژانرەکانی ئەدەبەوە، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ئەدەبدا جا ئیتر شیعرو پەخشان بێت یان چیرۆكو رۆمان...هتد رەنگدەداتەوەو تێیدا بەرجەستە دەبێت.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا باسی لێوە بکەین وێنەی شیعرییە، چونکە بنەمایەکی گرنگو دیاری شیعرە، بەتایبەتیش لە شیعری نوێداو "گەوهەرو گیانو جەستەی شیعرەکەشە"(٤٤)و ناتوانرێت لێی جیابکرێتەوە، چونکە "پەیوەندی لەنێوان وێنەکانی شیعری نوێدا نزیکترین وێستگەن بۆ سروشتێکی ئۆرگانیزمی"(٤٥).

دیارە ئەندێشەو خەیاڵ رۆڵو گرنگی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری جوانو بەهێز، هەربۆیە سی- دی لویس، دەڵێت: "مەرجە بنەڕەتییەکانی دروستکردنی وێنەی شیعری جوانو قەشەنگ لای شاعیر ئەوەیە، کە خاوەنی ئەندێشەیەکی بەهێزو هۆشمەندییەکی باشو سەرنجێکی وردو هەستێکی ناسك بێت"(٤٦).

وێنەی شیعریش چەند جۆرێکی هەیەو سەرەکیترینیان وێنەی زەینی (ذهنی)و وێنەی خوازەیی (مجازی)و وێنەی هێمایی (رەمزی)یە، هەر یەکێکیش لەو جۆرانە بنەمای تایبەتی خۆی هەیە بۆ خوڵقاندنی لە شیعرەکەدا.

"وێنەی زەینی زیاتر لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێتو لە مێشکی مرۆڤدا دەچەسپێت، واتە لە واقیعدا هەیە، کاتێ لە مێشکی شاعیردا کۆدەبێتەوەو وێنەی یادگار دروست دەکەن، کە شیکرانەوە دەبنە خەیاڵێکی داهێنەرانە"(٤٧). ئەم وێنەیەش زیاتر لەڕێی هەستەکانی (بینینو بیستنو بەرکەوتن یا دەستلێدانو بۆنکردنو چەشتن)ەوە دروست دەبێت، هەروەك د.نصرت عبدالرحمن دەڵێت: "وێنەی زەینی لە هەستەکانەوە درکی پێدەکرێت، یان لە ناخو دەروونی مرۆڤەوە، یا بە هۆشمەندی شاعیر دروست دەبێت"(٤٨).

وێنەی خوازەییش ئەو بابەتەیە کە بەهۆیەوە شتە ئاڵۆزو شاراوەکان ئاشکرا دەبێتو خوازەش خۆی بەشێکە لە رەوانبێژی، چونکە خوازە خۆی "بریتییە لەو گۆڕانەی، کە بەهۆیەوە شتە شاراوەکان ئاشکرا دەبنو گرژیو ئاڵۆزەکانیش روون دەبنەوەو شتە بێ سنوورەکانیش سنووردار دەبن"(٤٩).

وێنەی هێماییش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە زمانی شیعرەکەوە هەیەو بەبێ ئەو بەرجەستە نابێت، لەهەمان کاتدا لە دەروونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێو پەیوەندیشی بە خوازەوە هەیە، هەروەك -بۆدلێر- لەوبارەیەوە دەڵێت: "هێما تارادەیەك لە خوازەوە سەرچاوە دەگرێتو کارئاسانی دەکات بۆ تێگەیشتنی ئایدیا، ئەویش بەهۆی نیشانەو نواندنەوەیە"(٥٠)، چونکە نیشانە خۆی بەشێکە لە جیهانی بوون.

بەگشتی دەتوانرێت بووترێت لە خوڵقاندنی پرۆسەی شیعریدا، وێنەی شیعری رۆڵێکی گرنگو سەرەکی دەبینێتو ئەندێشەش بنەمایەکی سەرەکییە لە خوڵقاندنی ئەو وێنانەداو ئەو

شتانەش لە هەستەکانەوە درکی پێدەکرێت و پەیوەندییەکی زۆرو بەهێزی بە هۆشەوە هەیە، چونکە هۆشیش بەبێ هەستەکان ناتوانێت ئەو ئەرکە ببینێت. لەهەمان کاتدا واقیعیش ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە وێنەکاندا، کەواتە "لە هەموو بارێکدا واقیع لەناو وێنەی هونەری ڕەنگ دەداتەوەو دواجار دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی وێنەی هونەری"(٥١).

-دڵدار-یش زۆر بە وریاییەوە درکی بەوەکردووە، کە وێنە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا بنەمایەکی بەهێزە بۆ خوڵقاندنی پرۆسەی شیعریی هەربۆیە دەڵێت: "تۆ... گەورەم زیندەێکی ئەندێشەدارو بەهەستیت لەناو زەریای دونیاێکی شت وەکی هەستی ئادەمیزاد ئەژیت هەر شتەی کە ئەکەوێتە بەرچاوت چەشنە شوێنەوارێك (أثر) لە قوڵترین شوێنانی دەروونت بەجێ دەهێڵێ و دەتهاوێتە سەر ئەم ماخولیایەی کە خۆت ئەتوانیت دەسەڵاتت بەسەریدا بشکێت وە هەر شتەی کە ئەکەوێتە بەر یەك لە ئەعزایانی حسیەت چەشنە پایەیێك، چەشنە نرخێك، چەشنە خۆشییێکی بۆ دائەنێت وە لە دەروونی خۆتا چەشنە دلارامێك و جوانێکی بۆ دیار ئەکەیت..." (٥٢).

کەواتە دەتوانرێت بووترێت لە شیعری نوێدا ئەندێشەو هەست و هۆش وەك یەکەیەکی چەسپاو دەبنە بناغەیەکی پتەو بۆئەوەی واتاو مەبەستی دێڕە شیعرەکان ببنە تەواوکەری یەکترو مەبەستی سەرەکی شیعرەکە کۆبکەنەوە، هەروەك د.مارف خەزنەدار، دەڵێت: "لە شیعری نوێدا خەیاڵ و هەست و دەرك کردن یەکێتییەکە پێوەندیی لۆجیکی لەنێوان دێڕە شیعرەکاندا بەهێز دەکا، لەلاییێکی دیکەشەوە هەموو دێڕە شیعرێك بەردەوام و روونکەرەوەو تەواوکەرەوەی مانای دێڕی پێشتر دەبێ"(٥٣).

دڵدار لەم شیعرەیدا زۆر شارەزایانە توانیوێتی وێنە شیعرییەکان بەپێی پێویست بەکاربهێنێ واتە وێنەی شیعری هەمەڕەنگی بەکارهێنراوە، هەر لە وێنەی زەینی و خوازەییەوە تا دەگاتە وێنەی هێمایی یا ڕەمزی. بۆنموونە گوڵی سوور کە وێنەیەکی زەینییەو بەهەستی بینین دەبینرێت، لەبری کچ یا ئافرەت خواستوویەتی واتە خوازەیە بۆ ئافرەت و وێنەی خوازەی لێ دروست کردووە، کە خۆیشی مەبەستی لە گوڵی سوور گوڵالە سوورەیە کە لە بەهارو نەورۆزدا دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر مەبەستی لە گوڵی سوور بەگشتیی بێت ئەوا لە هەموو وەرزەکاندا گوڵی سوور دەردەکەوێت.

وشەی پەری زاد هێمایە بۆ پاکژی ئافرەت وێنەیەکی هێمایی لێ دروست کردووە.

هەروەها وشەی بۆنکردن وێنەیەکی زەینی یە بە بۆن هەستی پێ دەکرێت لێرەدا خواستوویەتی لەبری جووتبوون و وێنەیەکی هێمایی لێ دروست کردووە.

ب- لەبارەی خەسڵەتەکانی ڕۆمانسییەتەوە:

گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی، کە لە شیعری ڕۆمانسی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە بریتی بوون لە (هەستی نیشتمان پەروەری و ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشت و ئافرەت و...هتد) -دڵدار-یش وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی لەم بوارانەدا خامەی ڕەنگینی خستۆتە گەڕو زۆرجار لە شیعرێکیشدا ئەو

خەسڵەتانەی کۆکردۆتەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی شیعری -گوڵی سوور-ەکەی بدەین، لایەنی هەستی نیشتمانیی و باری ژیانی کۆمەڵایەتیی و سروشت و ئافرەت و...هتد تێدا دەبینین و بە خەیاڵ و ئەندێشەوە داهێنانێکی سەرنجڕاکێشانەی تێدا بەرجەستە کردووە "شاعیر وەك ڕۆمانسیەکان لەناو جەرگەی غەمباریی و دووریی لە یارەکەیەوە کەرەسەکانی سروشت ئەخاتە کار"(٥٤).

دڵدار گوڵی سووری کردۆتە هێمایەك و لەبری دڵدارەکەی خواستوویەتی و دەردی دووریی و غەمباریی و بەیەك نەگەیشتنی کردۆتە ناوەڕۆکی شیعرەکەی و لێرەدا گوڵ و کچ تێکەڵ بە یەکتری دەکات و نەهامەتی ئافرەت دەردەخات، کە بەهۆی ڕۆژگارو زوڵمی پیاوانی چاوچنۆکەوە، وەکو گوڵێکی ژاکاویان لێ دێت و لەهەمان کاتیشدا شاعیر بەرگری لە چەوساندنەوەیان دەکات.

ئەوە شتێکی ئاشکرایە، کە تان و پۆی ئەوین و دڵداری لە شیعرو ئەدەبیاتی گەلانی جیهاندا بە ڕێژەیەکی زۆر ڕەنگی داوەتەوەو گرنگییەکی زۆر بە خۆشەویستی دراوەو بۆتە یەکێك لە خەسڵەتە بەهێزەکانی شیعر، هەر لە شیعری فۆلکلۆریی و میللی و کلاسیکییەوە، هەتا دەگاتە شیعری نوێ و بەتایبەتیش لە شیعری ڕۆمانسیدا بەتەواوی جێی دیارە، هەروەك سەلاحەدینی موهتەدی سەبارەت بە گرنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتی دەڵێت: "شیعری دڵداری یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیات و شیعر، دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتیش لەناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە..."(٥٥).

نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت، کە دەتوانرێت بووترێت سیماو شەقڵ و خەسڵەتی ڕۆمانسیەت لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەتی لە شیعری شێوەزاری گۆرانی -هەورامی-دا دەرکەوتووە، هەروەك لە شیعرەکانی بێسارانی و مەولەوی و خانای قوبادیدا دەبینرێت و دواتر کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر شاعیرانی نوێخوازی کورد لە خوارووی کوردستاندا بەتایبەتیش پیرەمێردو گۆران... دیارەو دواتریش شاعیرانی تر بەو ڕەوتەی ئەوان کاریگەر بوون و بەدوایاندا ڕێچکەیان بەستووە.

-دڵدار-یش بە سوود وەرگرتن لە کەلەپووری نەتەوەکەی و شاعیرانی ڕۆمانسی کوردی کۆمەڵێ وشەو زاراوەی ڕەسەنی کوردی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. ئەمە جگە لەوەی لە داڕشتنی شیعرە ڕۆمانسییەکانیدا سوودی لە ئەدەبیاتی بێگانە وەرگرتووە، ئەویش بەهۆی شارەزابوونی جگە لە زمانە کوردییەکەی خۆی پێنج زمانی تری بێگانەی زانیوە، هەر ئەوەش وای کردووە، کە لە ئەزموونی شاعیرانی بێگانە سوودمەند بێت، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی ڕۆمانسی ئەورووپی.

گەر بە ووردی سەرنجی ئەم شیعرەی بدەین زیاتر کاریگەری چیرۆکە ڕۆمانسییەکەی (بلبل و گوڵ)ی ئۆسکار وایلدی تێدا دیارە، کە چۆن "نووسەرەکەی لەو چیرۆکەدا ژیانی ئەو بلبلەی نیشان داوە، کە چۆن بە خوێنی خۆی گوڵێکی زەرد، سوور دەکات لەپێناوی خۆشەویستییەکی ڕۆمانسیانەی نێوان کچ و کوڕێکداو سەرئەنجامیش، کەس هیچ نرخ و بەهایەك بۆ ئەو فیداکاریی و بەخشینە لەبەرچاو ناگرێ..." (٥٦).

دڵداریش لەم شیعرەدا ڕۆمانسیانە باس لە خۆشەویستییەکی بێ هوودە دەکات و وێنەی ژیانێکی نائومێدی کێشاوەو گوڵی وەك نموونەی سروشت بەکارهێناوەو ناخی خۆی لەگەڵدا باس

دەكاتو دەڵێت:

منیش ئەی گوڵ دڵێكم بوو

دڵێكی پڕ لە ئارەزوو

بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو

لەناكاو لام فڕی بۆلای كچێكی دولبەرو شیرین

ئەویش ڕیشەی لە دەست گرتو بەبێ رەحمی لەژێر پێی نا(٥٧)

شاعیرانی رۆمانسی وەك رۆحانی وابوونو بەلایانەوە هەموو شتێك گیانی تێدایە وەك: دارو بەردو روبارو گوڵ...هتد ئەمان قسەیان لەگەڵدا دەكەن، چونكە "خۆسەویستی سۆزی وەحی سروشتی راستەقینەیەو سەرچاوەی خۆشییەكی سروشتییە، لەگەڵ بیروباوەڕی داهێناندا دەگونجێ، گەر ویژدان چاودێری بكات"(٥٨).

هەر لەو روانگەیەوە ئەگەر سەیری خۆشەویستی ئافرەت بكەین، كە ئارامییەكی فرەبەخش دەداتە دڵو دەروونی شاعیران بەگشتیو شاعیرە رۆمانسییەكان بەتایبەتی، چونكە "ئافرەت فریشتەیەكەو لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوەو دڵمان بە خۆشەویستی پاك دەكاتەوەو سۆزو حەزمان باڵا دەكاتو ناخمان زاخاو دەدات، هەروەها بۆ ئەركە رەوشتیو رامیاریو نیشتمانیەكان دەمان هەژێنێ..." (٥٩).

هەرچەندە لەوانەیە شاعیر ئەم شیعرەی، وەك خوازەیەك بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەرامبەر خۆشەویستی نیشتمانەكەی بەكارهێنابێت، چونكە جوانی سروشتی كوردستان لە ناخی شاعیردا كاریگەری زۆر هەبووە، ئەویش لە ئەنجامی خۆشەویستییەكی بێ ئەندازەی بۆ كوردستان بووەو هەستی نیشتمان پەروەریشی هەمیشە لە هەژاندا بووەو هەرگیز بۆنە نەتەوایەتییەكانی فەرامۆش نەكردووە، هەر بۆ نموونە كە وشەی نەورۆزی بەكارهێناوە، ئەویش نیشانەی مەزنێتی كوردەو لەمێژووی نەتەوەی كورددا نەورۆز هەمیشە هێمای خۆڕاگریو هەنگاونان بۆ سەربەستیو سەرفرازی بووە.

بەڵام وەك پێشتر باسكرا، شیعرەكە زیاتر سیماو ناوەرۆكێكی ئەوینداریو خۆشەویستی تێدا بەدی دەكرێت، لە راستیدا ئەم خۆشەویستییەی دڵدار خۆشەویستییەكی پاكو بێگەرد بووە، نەك خۆشەویستی ساختەكاری، هەروەك د.شوكریە رەسووڵ، دەڵێت: "دوو رێباز یا دوو قوتابخانە لە دڵداریدا دەركەوتن، ئەویش بریتین لە دڵداری پاكو دڵداری ئاشكرا..." (٦٠).

شاعیر لە شیعرەكەیدا راستگۆیانە دڵدارییەكی پاكی گرتۆتەبەر، چونكە "سۆزێكی راستگۆیانە پیشان دەداتو تەنها باسی یەك خۆشەویست دەكات، ئەگەرچی شوویشی كردبێ..." (٦١).

هەروەك دەڵێت:

بە گریاویو برینداری

بە روو زەردییو غەمخواری

بەبێ ئومێد لە دڵداری
گەڕاوە سینەکەی تارم، ئەوێستاش ئەی گوڵی غەمگین
لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانێ ئەم دڵە تووخوا[٦٢]

هەر ئەو ئازارو خەمو مەینەتییە دەروونیو جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرە ڕۆمانسییە، چونکە شاعیر دوور بووە لە دڵداری ساختەکاری، کە بە دڵداری ئاشکرا ناوبراوە، کە تێیدا "شاعیر بە ئارەزووی خۆی باسی جوانی ئەمو ئەو دەکاتو لە یەکێکەوە دەیگوێزێتەوە بۆ یەکێکی تر بۆ جوانیو نازداری ئافرەت شیعر دەڵێ، هیچ شتێکی وەکو (وەفاو دڵسۆزی) نییە کە بیبەستێتەوە..." [٦٣].

خۆ ئەگەر لە بواری کۆمەڵایەتی (سۆسۆلۆجی)و بواری دەروونی (سایکۆلۆجی)یەوە سەرنجی ناوەڕۆکی شیعرەکەش بدەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر ئەوەیشی پێکاوەو ووردبینانە ڕۆچۆتە ناو بابەتانەشەوە.

هەر بۆ نموونە، ئەگەر سەرنجی کۆمەڵێ لە وشەو زاراوەکانی (جەور- زوڵم- ستەم- بێ قەدەر- ژاکاو- فڕێ دراو- لەژێر پێ نان...هتد) بدەین، ئەوا چەوساندنەوەو مافخورانو وەلاوەنانی مافی چینێکی گرنگی کۆمەڵ ئاشکراو دیارە، کە ئەویش چینی ژنانە یا ئافرەتانە، هەروەك شاعیر دەڵێت:

گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین
لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا
ئەوێستاکەش بە ژاکاوی
وەهابێ قەدرو تۆزاوی...تاد[٦٤].

لەبارەی سایکۆلۆژیشەوە لە ناخی شاعیردا خەمو پەژارە بەرۆکی گرتووەو زۆر بە ئاشکرا لە شیعرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، خۆ ئەگەر سەرنجی وشەو زاراوەکانی (گریان- ڕووزەردی- بێ ئومێدی- تەنهایی...هتد) بدەین ئەوە خوێندنەوەی واقیعی ژیانی ناسۆری ئافرەتانەو لەهەمان کاتدا دوودڵیو ڕاڕایی ئەوانیش نیشان دەدات.

هەروەك شاعیر دەڵێت:

منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو
دڵێکی پڕ لە ئارەزوو
بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو
لەناکاو لام فڕی بۆلای کچێکی دولبەرو شیرین
ئەویش ڕیشەی لە دەس گرتو بەبی ڕەحمی لەژێر پێی نا...تاد[٦٥].

بەگشتی دەتوانرێت بووترێت دڵداری شاعیر ڕۆڵی خۆی بینیوە لە بەرەوپێشچوونی شیعری نوێی کوردیدا، خۆ ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی، کە ڕۆڵی ئەم شاعیرە بەهەند وەرنەگیرێت، هەروەك ڕۆفیق حیلمی، دەڵێت: "دڵدار بەلای ئێمەوە، شاعیرێکە زۆر باڵا، ئەگەر لە هەندێ شیعریا ناپوختەیی هەبێ بەهای شاعیریەتی پێ ناشکێت..." [٦٦].

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتووین:

١. لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا شاعیرانی نوێخواز زۆرجار بە ئاگابوون لەو گۆڕانکاریانەی، کە لە ئەدەبیاتی گەلانی دراوسێ‌و جیهانیدا ڕوویان داوە.

٢. شاعیرانی کوردیش توانیویانە بە پێی بنەماو خەسڵەتەکانی ڕێبازە ئەدەبییەکان ڕەوتی شیعریی خۆیان بەرەو پێش ببەن‌و لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانیدا بەرەو نوێخوازی‌و نوێبوونەوە هەنگاو بنێن.

٣. ڕۆڵی سروشت‌و ئافرەت لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بە هەمان شێوەی ئەدەبیاتی گەلانی دراوسێ بە پێی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە گۆڕاندا بووەو بە پێی ویستی سەردەمەکە ڕەنگی داوەتەوە.

٤. دڵدار-ی شاعیریش، وەك شاعیرێکی نوێخواز بە ئاگا بووە لەبەرەو پێشچوونی ئەدەبیاتی جیهانی‌و سوودی لە ڕەوتی نوێخوازی وەرگرتووەو لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەی کردووە.

## پەراوێزەکان

١- محمد غنیمی هلال، ڕۆمانسیەت‌و ڕەگەزە ئەدەبییەکان، گ/ بەیان، ژمارە (٦٥)، ل١٨.
٢- عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، ل٤٣.
٣- محمد غنیمی هلال، ڕۆمانسیەت‌و ڕەگەزە ئەدەبییەکان، گ/ بەیان، ژمارە (٦٥)، ل٤٣.
٤- لیلیان فیرست، الرومانتیکیە، ل٥٤.
٥- محمد غنیمی هلال، ڕۆمانسیەت‌و ڕەگەزە ئەدەبییەکان، گ/ بەیان، ژمارە (٦٥)، ل١٨.
٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.
٧- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب‌و هونەر، ل١٠٧.
٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.
٩- سەرچاوەی پێشوو.
١٠- سەرچاوەی پێشوو.
١١- عبدالله دەباغ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ڕۆمانسیەت‌و ریالیزم، گ/ بەیان، ژمارە (١٤٥)، ل١٣.
١٢- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب‌و هونەر، ل٩٥-٩٦.
١٣- کمال مەمەد میراودەلی، فەلسەفەی جوانی‌و هونەر- ئیستاتیکا، ل٢٥٩-٢٦٠.
١٤- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب‌و هونەر، ل١١٢.
١٥- د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١١٠.
١٦- محەمەد ئەمین محەمەد نوری، بزووتنەوەی شیعری کوردی لە ساڵانی ١٩٠٠-١٩٧٥، نامەی ماستەر، پەڕە ٦٩.

١٧- د.مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، لا٦٢.
١٨- عبدالخالق علاءالدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، لا٨٢.
١٩- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، لا٤٩.
٢٠- گراهام هاف، الاسلوب والاسلوبیه، لا٢٠.
٢١- مجاهد عبدالمنعم، دراسات في علم الجمال، ط٢، لا٩٧.
٢٢- سەرچاوەی پێشوو، لا٩٩.
٢٣- عبدالقادر حمەأمین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، پەڕە ٤٠-٤١.
٢٤- الدكتور عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب، لا٤٤.
٢٥- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، لا٦١.
٢٦- د.شفيق يوسف البقاعي، نظرية الأدب، ط١، لا١٥٧.
٢٧- سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٨.
٢٨- الدكتور نور الهدى لوشي، علم الدلالة، ط١، لا٩٠.
٢٩- ئەحمەد هەردی، دیوانی هەردی، پێشەکی مارف خەزنەدار، چاپی یەکەم، لا١٢.
٣٠- شێرزاد عبدالرحمن، -دڵدار- شیعرو هەڵوێست، لا٢٣.
٣١- عبدالخالق علاءالدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، لا٥١.
٣٢- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، لا٥٩.
٣٣- د.محمد غنيمى هلال، النقد الأدبي الحديث، لا٤٠٨.
٣٤- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، لا٤٦.
٣٥- ئەرستوتلس، هونەری پۆیتیکا، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، لا١٠٤.
٣٦- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لا٨٦.
٣٧- عەزیز گەردی، شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، لا٥٨.
٣٨- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، لا٢٨.
٣٩- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، لا٥٩.
٤٠- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، لا٢٨.
٤١- معروف خەزنەدار، أغاني كردستان، لا٢٥.
٤٢- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، لا٥٩.
٤٣- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لا٧٢.
٤٤- مصطفى ناصف، الصورة الأدبية، لا٢٠٩.
٤٥- د.نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث، لا٢٦.
٤٦- باقر جاسم محمد، عين الشعر وعدسة الكاميرا، جريدة الثورة، لا٧.
٤٧- عثمان عبدول بەرزنجی، شیعری کوردی نوێی کوردی ساڵانی پەنجاو شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا، نامەی دکتۆرا، پەڕە ٢٢٧.
٤٨- د.نصرت عبدالرحمن، في النقد الحديث، لا٦٨.
٤٩- أمين البرت الريحاني، مدارج المجاز في الشعر العربي الحديث، لا١٣٦.
٥٠- أميه حمدان، الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، لا٢٤.

٥١- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠، ل٨٠.

٥٢- عبدالخالق علاءالدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل١٠١.

٥٣- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ل٢٨.

٥٤- د.محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، ل٢٠٧.

٥٥- شنۆ محەمەد مەحموود، رۆڵی سوارەی ئێلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، ل٩٤.

٥٦- اوسكار وايلد، ترجمة: حسن البحرى، ل٩.

٥٧- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، ل٥٩.

٥٨- محمد غنيمى هلال، الرومانتيكيه، ل١٨٧.

٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠-١٩١.

٦٠- دکتۆرە شوکریە رسول، ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، ل٤٠-٤١.

٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

٦٢- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، ل٥٩.

٦٣- دکتۆرە شوکریە رسول، ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، ل٤١.

٦٤- دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، ل٥٩.

٦٥- سەرچاوەی پێشوو.

٦٦- رەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ل٩.

## سەرچاوەکان

أ- سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەبو هونەر، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (٢٠٩)، بەغداد، ١٩٨٨.

٢. ئەحمەد هەردی، دیوانی هەردی، پێشەکی مارف خەزنەدار، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٥٨.

٣. ئەرستوتلس، هونەری پۆیتیکا، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. جەبار ئەحمەد حسێنی، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠ - ١٩٧٠) دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦. دڵشاد عەلی (د.)، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.

٧. دیوانی دڵدار، چاپی دووەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١.

٨. رەفیق حلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، مطبعة التعليم العالي، أربيل، ١٩٨٨.

٩. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (١٩٧٠ - ١٩٩٠)، دەچاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٠. شنۆ محەمەد مەحموود، رۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١١. شوكريه رسول (دكتۆره)، ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.
١٢. شێرزاد عبدالرحمن، دڵدار – شیعرو هەڵوێست، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (١٣٠)، بەغدا، ١٩٨٦.
١٣. عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی دار آفاق عەرەبیە للصحافە والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
١٤. عبالقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٥. عەزیز گەردی، شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
١٦. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ (د.)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠.
١٧. کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانیو هونەر – ئیستاتیکا – چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩.
١٨. مارف خەزنەدار (دکتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چواردە لێکۆڵینەوە، چاپخانە: المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بغداد، ١٩٨٤.
١٩. مارف خەزنەدار (د.)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٠. محەمەد ئەحمەد سەعید (د.)، کەساس جەباری، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢١. هیمداد حوسێن (د.)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

ب- سەرچاوە عەرەبییەکان:
٢٢. أميه حمدان، الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، ط: بلا، دارالرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.
٢٣. أوسكار وايلد، ترجمة: حسن البحري، داراليقظة للتأليف والترجمة والنشر، بغداد، ١٩٥٣.
٢٤. شفيق يوسف البقاعي (د.)، نظرية الأدب، ط١، منشورات جامعة السابع من أبريل، الجماهيرية العربية الليبية، ١٤٢٥هـ .
٢٥. عزالدين اسماعيل (الدكتور)، التفسير النفسي للأدب، دارالعودة ودارالثقافة، بيروت.
٢٦. گراهام هاف، الاسلوب والأسلوبية، ترجمة: كاظم سعدالدين، مطبعة دارآفاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.
٢٧. ليليان فيرست، الرومانتيكية، طبعة: بلا، ترجمة: عدنان خالد، مراجعة و تقديم: د.عصام الخطيب، من منشورات المركز الثقافي الأجتماعي، ١٩٧٨.
٢٨. مجاهد عبدالمنعم، دراسات في علم الجمال، ط٢، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٦.
٢٩. محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الأدبي الحديث، دارالعودة، بيروت، لبنان، ١٩٧٣.
٣٠. محمد غنيمي هلال (د.)، الرومانتيكية، دارالعودة للطباعة، بيروت، ١٩٧٣.
٣١. مصطفى ناصف، الصورة الأدبية، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨١.
٣٢. معروف خزنه دار، أغاني كردستان، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٥٦.

٣٣. نصرت عبدالرحمن (د.)، في النقد الحديث، عمان، ١٩٧٩.
٣٤. نورالهدى لوشي (الدكتور)، علم الدلالة، ط١، جامعة تان يونس، بنغازي، ١٩٩٥.

ج- گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

١. گۆڤاری بەیان، ژمارە (٦٥)، محمد غنیمی هلال، ڕۆمانسیەتو ڕەگەزە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: جمال محمد اسماعیل، بەغدا، ئابی ١٩٨٠.
٢. گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٤٥)، عبدالله دەباغ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ڕۆمانسیەتو ڕیالیزم، بەغدا، تەمووزی ١٩٨٨.
٣. مجلة الآداب، العدد (١١ – ١٢)، أمين البرت الريحاني، مدارج المجاز في الشعر العربي الحديث، بغداد، ١٩٨٨.
٤. جريدة الثورة، باقر جاسم محمد، عين الشعر و عدسة الكاميرا، دراسة في الصورة الشعرية، بغداد، ١٩٨٧/١٢/١٥.

د- نامە زانکۆییەکان:

١. محەمەد ئەمین محەمەد نوری، بزووتنەوەی شیعری کوردی لە ساڵانی ١٩٠٠ – ١٩٧٥، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢. عبدالقادر حمە أمین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣. عثمان عبدول معروف بەرزنجی، شیعری نوێی کوردی ساڵانی پەنجاو شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢.

## مختصر البحث

يتحدث هذا البحث عموماً عن تحديث الشعر الكردي وآدابه في ظل المذهب الرومانسي، وذلك تحت تأثير تيار التحديث والتجديد الذي انعكس في الآداب العالمية، ولا سيما في الآداب الاوروبية والشعوب المجاورة لنا، وقد أتبع الشعراء الحداثيون الكرد أسس الحداثة والتحديث في تحديث الشعر الكردي وآدابه.

يقع هذا البحث في قسمين رئيسين:

القسم الأول، يقع في محورين:

أ/ عرض لمفهوم ومدلول الرومانسية، وآراء بعض المختصين في مجال الأدب.

ب/ يتحدث عن ظهور الرومانسية وأسسها الرئيسة.

والقسم الثاني، يقع في محورين:

أ/ دور (دلَدار) الشاعر في الرومانسية الكردية.

ب/ البنية الفنية للرومانسية وخصائصها في قصيدة (گوڵی سوور) الوردة الحمراء، للشاعر دڵدار.

## Abstract

Generally the present paper highlights on the innovation of Kurdish poetry and literature under the influences of the Romanticism.

This has been achieved under the effect of that modernist trend. That took place and emerge in world literature in general and in European and neighbor literature, particularly. Thus, Kurdish innovative poets follow the same principles to innovate Kurdish literature.

The present study encompasses two main parts.

The First part includes two axis:

a- The concept and notion of romanticism and different critical perspective are presented.

b- The emergence and main principles of romanticisms are tackled.

The second part which is composed of two axis deal with:

a- The role of Dldar poem in the Kurdish romantic poems;

b- The poetic and artistic structure and the characteristics of romanticisms “In the Red Flower” of Dldar’s poem.